پاڵپشت بە حوکمی برگەی یەکەم لە ماددەی (**٥٦**)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەموارکراو و لەسەرداوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان و، بەدەر لە حوکمەکانی ماددەی (٥١) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەموارکراو، پەرلەمانی کوردستان – عێراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە ( ) لە ڕێکەوتی / / ٢٠٢٢دا، بڕیاری دەرچواندنی ئەم یاسایەی دا:

**یاسای ژمارە ( ) ی ساڵی ٢٠٢٢**
**یاسای بەردەوامبوونی خوولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

**ماددەی (١):**
**یەکەم:** وادەی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، کە لە ٢٠٢٢/١١/٦ کۆتایی دێت، و تا کۆتایی وەرزی یاسادانانی پاییزەی ساڵی ٢٠٢٣، لە سەرجەم کار و ئەرکەکانی، بەردەوام دەبێت.

**دووەم:** پێویستە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، پێش کۆتاییهاتنی ئەو وادەیەی کە لە برگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە، ئەنجام بدرێت.

**ماددەی (٢):**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت کە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.

**ماددەی (٣):**
ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەنگدان لەسەری جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمیی "وەقایعی کوردستان"دا بڵاو دەکرێتەوە.

**هۆیەکانی دەرچواندن**

بەپێی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، ڕۆژی (٢٠٢٢/١١/٦) کۆتایی هاتنی ماوەی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان-عێراقە. لەوەشەوە بەمەبەستی ڕێگریکردن لە دروستبوونی بۆشایی یاسایی و دەستووریی و پاراستنی یەکڕیزیی نیشتمانیی و، ئامادەکاریی زیاتر بۆ هەڵبژاردنی خوولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان، ئەم یاسایە دەرکرا.